
# نیشتمانپەروەری و ئینتیما بۆ نیشتمانو نەتەوە، دیاردەیەك لە رابردوو!

محسن كريم



***تێبینی: ئەم ووتارە بۆ دۆسیەی دووەمی رۆژنامەی برایەتی سەبارەت بە نیشتمان پەروەری و ئینتیما رەوانە کرابوو، هەرچەندە هەر لە سەرەتای کردنەوەی دۆسیەکەوە درابوە دەست سەرنوسەری برایەتیو ئەویش بەلینی دابوو کە هیچ سانسۆریك ناخریتە سەر ئەو لاپەرەیەی برایەتی کە بۆ ئەم دۆسیەیە تەرخان کراوە، بەڵام دۆسیەی ناوبراو داخراو ووتارەکەش لە فیلتەری لاپەرەی ئازادی برایەتی شانسی دەرچوونی نەبوو! بۆیە سەرەرای ئەوەی کە نزیکەی دوو مانگ بەسەر نوسینیدا تێ ئەپەرێ، بەلام بلاوکردنەوەی کاریکی بێهودە نابێت....***

دیاردەی نیشتمانپەروەریو ئینتیما بۆ نیشتمان و نەتەوە لەو کاتەوە پەیدا بوو کە بۆرژوازی وەکو چینێکی نوێ سەری هەڵداو بەرەو ئەوە دەچوو کە ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستی کۆمەڵگادا بەمۆرکی خۆی مۆر بکات و زەرورەتی درێژەدانیش بە پێشرەوی ئابووری سەرمایە لە بەرامبەر پەیوەندی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتیدا ئەوەی دەخواست کە لە ئاستی سیاسیشدا وەکو چینێك دەسەڵاتی کۆمەڵگاش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بە مانایەك ئیتر بۆرژوازی وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی کەدەبوایە لەلایەکەوە بازاریك بۆ ساغبونەوەی کالاکانی دابین بکات و لە لایەکی دیکەوە پارێزگاری لەم بازارە بکات، پێویستی بەهینانە ناوەوەی چەمكو دەستەواژەیەك هەبوو کە چوارچێوەیەکی گشتی ٚبدات بەو بەرژەوەندییە ئابوریو سیاسیو چینایەتیانەی. چوارچێوەیەك کە لەرواڵەتدا بەرژەوەندخوازی چینی بۆرژوا نییە، بەڵکو بەرژەوەندی میللەت، نەتەوە، خاك ونیشتمانە! یەکێتی نەتەوە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو خەڵکانەیە کە بە زمانێکی هاوبەش دەدوێن یان بەجۆرێك لە باری مێژوویی و فەرهەنگییەوە پێکەوە گرێ دەخۆنەوە!

تا پێش گەشەی سەرمایەدارییو چینی بۆرژوازی لەئەورپا، ناوچەکان بەسەر چەندین مەڵبەندی دەرەبەگایەتیدا دابەش بووبوون کە هەر مەڵبەندە لەلایەن مەلیك یان پاشایەکی دەرەبەگەوە حوکم دەکرا. پێویستی یەکسختنی بازاری ناوخۆ بۆ بۆرژوازی ئەوەی دەخواست کە ئەم مەڵبەندە جیاجیاو بچووكو پەرشوبلاوانە نەمێنن و ناوچەیەکی گەورەتر بکەوێتە ژێر قەلەمرەوی ئابوری ئەوەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەمکی نەتەوەو نیشتمانی هاوبەش ئەو چوارچێوەیە بوو کە ئەیتوانی ئەم ئامانجە بۆ بۆرژوازی تازەگەشەکردوو بهێنێتـەدی. بۆروازی چەمکی نەتەوەو نیشتمانی دروستی کرد وەکو چوارچێوەیەك بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسیەکانی بەڵام بەناوی جەماوەرەوە، بەناوی خەڵکەوە، بەناوی بەرژەوەندی خەڵکەوە ، کەئەو خەڵکەش ناوی میللەتی لێ نراو ئەو بەرژەوەندییەش ناوی بەرژەوەندی باڵای میللەت!.

ئەگەر سەیری مێژووی تازە بکەین، بەرۆشنی ئەوە دەبینین کەمەسەلەی نەتەوەو نیشتمانو دەوڵەتی نەتەوەیی پەیوەندی هەبووە بە پێداویستیەکانی زاڵبوونی پەیوەندییە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازییەوە. باشترین نمونە وولاتانی ئەوروپییە کە رێچکەشکینی پێکهاتنی دەولەت و نەتەوەو نیشتمان بوون. لە دەورانێکدا رەوتی دەوڵەت دروست کردن رەوتی دروستبوونی چوارچێوە نەتەوەییو نیشتمانیەکان بووە. مەسەلەی نەتەوایەتیش لە بنەرەتدا لەئەورپاوە لە سەدەی هەژدەهەمەوە، واتە رێك ئەوکاتەی کە بۆرژوازی

www.kurdistannet.org
20/06/2002 10:30

خەریکی دورستکردنی بازارە ناوخۆییەکان بوو، دەسەلاٌتی لە چنگی دەرەبەگ دەرهێناو ئابووری وولاٌتو دەسەلاٌت و دەولٌەتی لەدەستی خۆیدا قۆرخ کرد، بەسەرەنجامی خۆی گەیشت. ئێستاش ئەوروپای یەککگرتوو کە سنورە نەتەوەیی، نیشتمانیەکانی سڕیوەتەوە و بازاری یەکگرتوی ئەوروپای دروست کردوە، نمونەیەکی رۆشنی ئەوەیە کە ئیتر سەرمایە لەچوارچێوەی یەك بازاری ناوخۆیی، واتە نیشتمانێکدا، بەرژەوەندیەکانی، دەسەلاٌتی ، ژیانی درێژە ناکێشی و پیویستی بە فراوان بوون هەیە.

بۆرژوازی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەئاستی جیهاندا ویستی ئەم بازاڕە فراوان بکات، ئەوەبوو لە رێگای شەڕو داگیرکردنی بازاری تازەوە، لەلایەن دەولٌەتانی گەورە سەرمایەداری ئەو سەردەمەوە، دەستی بۆ ئەم کارەبرد. داگیرکاری و لکاندنی وولاٌتانی تازە، ناوچەی تازە وبە مانای ووردی ووشەکە بازاری تازە، رێك وەلاٌمدانەوە بوو بە بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌و کۆمەلایەتیەکانی بۆرژوازی و گەشەی سەرمایەو پێداویستیەکانی قازانج بەدەست هێنان‌و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سوودو کەلٌەکەی سەرمایە. ئەم داگیرکاری‌یە دەورەیەکی لە سەرهەلٌدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی لەوولاٌتانی داگیرکراودا بەدی هێنا. چ ئەوەی کە هاتنی فەرهەنگی تازەی وولاٌتانی کۆلۆنیالیست بۆ ئەم وولاٌتە داگیرکراوانەو چ بەرەبەرە سەرهەلٌدانی سیستەمێکی تازە لەپەیوەندی‌یە کۆمەلاٌیەتیەکان، واتە سیستەمی سەرمایەداری لەم وولاٌتانەدا، چوارچیوە کۆمەلاٌتییە کۆنەکانی گۆری. دەولٌەتانی کۆلۆنیالیستٚ ناچار بوون کە شێوەکانی بەرهەم هێنان، پەیوەندی‌یە رۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌یەکان و شێوازی ژیانی کۆمەلاٌیەتی هاوئاهەنگ بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی بەرنە ئەو ولاٌتانەوە. لە ئاکامی ئەمەوە پەیوەندی‌یە کۆمەلاٌیەتی‌و ئابوریە کۆنەکان لەولاٌتانی داگیرکراودا ئالٌوگۆری بەسەردا هات، چینێکی بۆرژوازی پێك هات کە ئەیویست دەست بەسەر بازاری ناوخۆو سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوو کانەکان‌و بەرهەم هێنان‌و ئالٌوگۆڕدا بگرێ و کۆنترۆلی بازاری کارو کالاٌی وولاٌت بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە بیرو باوەری نیشتمانی‌و نەتەوەیی لەناو جەماوەری ئەم ولاٌتانەدا بچێنێ، چونکە هاوکات لە گەلٌ داگیرکاری ئەم ولاٌتانەدا لەلایەن دەولەتە کۆلۆنیالیستەکانەوە، مانەوەی ئەم بازارانە لە ژێر دەسەلاٌتی ئەواندا، پێویستی بە زەبرو زەنگ‌و سەرکوت‌و داپلۆسین هەبوو دژ بە دانیشتوانی ئەم وولاتانە. بۆیە رزگاربوون لە دەسەلاٌتی داگیرکەرو سەربەخۆیی نیشتمانی و دامەزراندنی دەولٌەتی سەربەخۆی نیشتمانی ونەتەوەیی، وەرگرتنەوەی "سەرچاوەی ئابوری‌و خێرو بەرەکەتی نیشتمان" لە داگیرکەران و دوژمنان وگێرانەوەی بۆ بەرژەوەندی خەلٌکی ولاٌت، ئەو چەمکە سیاسی‌و ئایدۆلۆژیانە بوون کە بۆرژوازی ئەم ولاٌتانە بەدەستیەوەی گرت بۆ راکێشانی جەماوەری ئەم ولاٌتانە بەدوای بەرژەوەندیە ئابوری‌و چینایەتیەکانی‌خۆیدا ! دەورانی سالاٌنی سەرەتاو تا نیوەی سەدەی رابردوو، دەورانی پێکهاتنی چەندین ولات ودەولەتی نەتەوەیی بوو لە وولاتانی داگیرکراودا و، هاوکات دەورەی چوونەوەیەك و بچووك بوونەوەی بازاری کارو کالاو بەرژەوەندی‌یە ئابوریەکانی بۆرژوازی ئەورووپی‌و دەولەتانی گەورە سەرمایەداری‌و ئیمپریالیستی بوو.

بەلاٌم سەرمایە ئەگەر خۆی گەورە نەکات دەمرێ ، بۆیە وولاتانی ئیمپریالیستی بە شێوازێکی دیکە لەهەولٌی دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان‌و گەشەی سەرمایەکانیان بوو. ئەو وولاتانەی کە لەدەستی ئیستعمار رزگاریان بوو بەبێ پەیوەندی لەگەلٌ وولاتانی سەرمایەداری‌و ئیمپریالیستیدا نەیان دەتوانی گەشەی سەرمایە لەو ولاتانەدا بەسەرەنجام بگەیەنن، بۆیە ناردنە دەرەوەی سەرمایە بۆ ئەم ولاتانە ئەو وەسیلەیە بوو کە هەژمونی ئەو وولاتانەی بەسەر بازاری دنیادا دابین دەکرد. بەلاٌم ئەم کارە لە جەرگەی پێشبرکی‌ی توندوتیژی وولاتانی ئیمپریالیستیدا دەچێتە پێشەوە. ئەگەر جاران هەر ولاتیکی ئیمپریالیستی ناوچەیەکی داگیرکردبوو وە وەکو



www.kurdistannet.org

بازاری کالاّ و سەرچاوەی مەوادی سەرەتایی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، ئەمجارەیان ئیتر ئیمکانی ئەوە کەمتر بوو، دەبوایە قوتبەکانی سەرمایەداری جیهانی بتوانن لە پرۆسەیەکی بەردەوامی پێشبرکێی ئابوریدا ئەوە بۆ خۆیان دابین بکەن، و ئەمجارە نەك تەنها ولاتانی کۆلۆنیالکراوی کۆن، بەڵکو هەموو دنیا بووە بازارێکی گەورە کە بۆرژوازی دەبوایە کالاکانی خۆی تێدا ساغ بکاتەوە و سەرمایەکەی گەورە بکات. بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی ئیتر لە چوارچێوەی جیهانیدا بەڕێوە دەچی. بۆیە ئەو وولاتانەی کە تواناى ئەو پێشبرکێیەیان هەبێ زۆرترین بەش لە بەرهەمی دنیا بۆ خۆیان دەبەن، ئەوانەشی کە ئەم توانایەیان نییە، کەمترین بەشیان بەردەکەوێ و بگرە بوونەتە مەڵبەندێکی سوود بەدەستهێنانی کۆمپانیا سەرمایەداریە گەورەکانی دنیاو دەوڵەتانی ئیمپریالیستی.
هەر ئەمەش وای کردوە کە قوتب و بلۆکی جۆراوجۆر دروست بێت بۆ ئەوەی بتوانی ئەم پێپێشبرکێیە بکات. دروست بوونی ئەوروپای یەکگرتوو پێداویستی وولاتانی سەرمایەداری ئەوروپایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان لەبەرامبەر ئەمریکاو یابان و چینو روسیادا. بۆ ئەوەی کەبتوانن پێکەوە لەم پێشبرکییەدا ببیەنەوە. . . . بۆیە لەم وولاّتانەدا ئیتر چوارچێوە نەتەوەییو نیشتمانیەکان بایەخی نامینێ، ئیتر سنوورەکان پیرۆز نامێنن! چەمکی نەتەوەو نیشتمان ئەو بایەخەی نامێنێ و پێوانە کۆنەکانی "نیشمان" ئالوگۆری بەسەردا دێت، ئەمجارەیان ئەوروپای یەکگرتوو نیشتمانی پیرۆزی بۆرژوازی ئەوروپایە بەرامبەر کەزەبەلاحە ئابووریەکانی دیکەی دنیا.

لەو ولاّتانەی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین و ئاسیا کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو وولاتانە دەگرێتـەوە کە لە دەورانی ئیستعماردا داگیرکرابوون، پاش ئەوەی کە نەیانتوانی لەم پێشبرکێ جیهانیەدا ببیەنەوەو زیاتر بوونە پاشکۆی ئابووریو تەنانەت سیاسی وولاّتانی بلۆکی ئیمپریالیستیو کۆمپانیا ئیحتیکارییەکان، گەشەی ئابووری سەربەخۆو خۆشگوزەرانی گشتی بوونە تۆزو بە هەوادا چون. هەژاریو برسێتی، بێکاری، نزمی ئاستی ژیان و گوزران، سەرکوتو ئیستبدادی خۆماڵی، جیاوازی چینایەتی و قەڵشتی نێوان ژیانی ئینسانەکان، چینێکی مشەخۆری بۆرژوا کە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی بەرەو مەینەتو کارەساتو ژیانی کولەمەرگی بردوە، شەڕی ناوبەناو کە سەدان هەزارو ملیۆنەها کەس لە جەماوەری بێبەش دەکاتە قوربانی، داخرانی ئاسۆی گەشەی ئابوری لەم ولاّتانەدا ، هەموو ئەمانە ئیتر چەمکی نیشتمان و نەتەوەی بۆ جەماوەری زەحمەتکێشو مەحرومی ئەم ولاتانە ئاشکراتر کردوە. لەمەبەدواوە ئەم چەمکانە پێوانەی گشتی نین و بەرژەوەندی بالاّی دانیشتوانی وولاتێکی دیاریکراونین، ئیتر ئەمانە تەعبیری گشتیکراون لە بەرژەوەندی کۆمەڵێك سەرمایەردار کە بە زەبری ئاگرو ئاسن جەماوەری کرێکارو مەحروم ناچار دەکەن بۆملدان بە دەسەلاّتەکەیان. لێرە بەدوا ئیتر ئەو نیشتمانەی کە بۆ رزگار بوون لەداگیرکەرو دامەزراندنی دەسەلاّتی خۆماڵی کە لەسایەدا خۆشگوزەرانی و ژیانی یەکسان بۆ هەمووان دەستەبەر کرابێت وە لەم پێناوەدا جەماوەری خەڵك ، کرێکارو زەحمەتکێش قوربانیان دا، بووەتە دۆزەخێك بۆ ژیانی خۆیان و منالّەکانیان، بووەتە مەڵبەندێك بۆ کەلەکەی سامانی کۆمەڵێك سەرمایەدارو دەسەلاّتبەدەست و خۆشیان بۆ پاروە نانێك، بۆ خانوویەك و بگرە ژوورێك تیایدا بحەوێنەوە، موحتاجن. لەو نیشتمانەدا کەبڕیار بوو بەهەشتی هەمووان بێت، ئەوان تەنها هەژاریو بێکاری و بێمافییان دورییەوە. بۆیە ئیتر بۆ جەماوەری زەحمەتکێشو مەحروم ئەم چەمکانە بەرەو ئەوە دەچن کە کالاّیەکی بێبایەخ بن.

لەکوردستانی عێراقیشدا مەسەلەی نیشتمانپەروەری و ئینتیما بۆ خاكو نیشتمان و نەتەوە چارەنوسێکی لەو بابەتە چاوەڕێی دەکات! بەلاّم بە یەك جیاوازییەوە کە هێشتا بوونی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان، فرسەتی لە دەستی ئەحزابی بۆرژوا–ناسیۆنالیستی کورددا هێشتۆتەوە بۆ رەواجدان بەم چەمکانە

لەناو جەماوەردا. سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان حکومەتی خۆماڵی دیوە، دەسەڵاتی خۆماڵیو ژیانی لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا دیوە. بێکاریو هەژاری، نەبوونی و بێمافی، شەرو کوشتار، نەمانی پێناسەی هاولاتی، جیاوازی کۆمەڵایەتیو ژیانی خۆشگوزەرانی دەوڵەمەندان و بەرپرسانی ئەحزابی دەسەڵاتدار دەبینن، لەوسەریشەوە هەژاری موتڵەقی خۆیان و تەنانەت کارپێدان بەپێی لیستی ئەحزابو. . . تاد. هەموو ئەمانە دەبینن و بە پێستو خوێن تەجروبەی دەکەن، بۆیە هەموو ئەو خۆشخەیالیانەی بەنیشتمانی سەربەخۆو ژیانی یەکسان وخۆشگوزەرانی هەیان بوو بەرەو رەوینەوە چووە، بەڵام مانەوەی زوڵمی نەتەوەیی و هەرەشەی هەموو رۆژەی گەرانەوەی رژێمی نەتەوەپەرستی بەعس بەردەوام وەکو مۆتەکەیەك بەسەر سەری خەڵکەوە دێتودەچێ. لەم حاڵەتەدا کەئینسانەکان لەبەرامبەر درندەیەکدا دانرابن کە هەمو رۆژێك چاویان لی بز دەکاتەوەو لەولاشەوە دەسەلاتی خۆماڵی تەنها هەژاریو برسێتیو بێمافی بۆ ئەوان بە دیاری هێناوە، یان دەبێ ڕێگای گۆرینی ئەم ژیانەیان بگرنە پێش و لە ناوکوردستاندا ژیانی خۆیان باشتر بکەن، کە ئەمەش رووبەروی چەندین رێگریو کۆسپ دەبێتـەوە، هەر لەدەسەلاتی میلیشیا تا هەرەشەی بەردەوامی رژێمی بەعس وە یان دەبێ وەکو ئەوەی رێژەیەکی بەرچاو لەلاوانی کوردستان دەیکەن، سەری خۆیان هەڵگرن و نیشتمانو خاك ونەتەوەش جێبهێلن بەرەو دەرەوەی نیشتمانو نەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی خۆشگوزەرانو یەکسان و ئازاد ملی رێگای هاتونەهات بگرن، کە تا ئێستا دەیان کەسیان لی بۆتە خۆراکی مەرگ لەناو دەریاو لە سەر سنورەکاندا!